ئەو دەستەی لە سەرەوەیە خێرترە لەو دەستەی لە ژێرەوەیە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر بوو وباسی خێرکردن وخۆگرتنەوەی کرد لە داواکردن وسوالکردن، وفەرمووی: «ئەو دەستەی لە سەرەوەیە خێرترە لەو دەستەی لە ژێرەوەیە، دەستی سەرەوە: ئەوەیانە کە دەبەخشێت، ودەستی ژێرەوە: ئەوەیانە کە داوا دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر باسی خێرکردن وخۆگرتنەوەی کرد لە داواکردن لە خەڵکی، پاشان فەرمووی: ئەو دەستەی لە سەرەوەیە ودەبەخشێت خێرترە وخۆشەویستترە لە لای اللە لەو دەستەی لە ژێرەوەیە وداوا دەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3599